# هێزەکانی حەشدی شەعبی شانێکی تیرۆریستی لە نێنەوا هەڵدەوەشێنێتەوە

ئەمڕۆ شەممە، دەستەی حەشدی شەعبی هەوەشاندنەوەی شانێکی تیرۆریستی لە پارێزگای نێنەوا ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوەکی دەسەی حەشدی شەعبیدا هاتووە: هێزەکی هەواگری و زانیاری لە بەوەبەرایەتی هەواگری سەربازی هێزەکانی حەشد لە پارێزگای نێنەوا توانیان ئەندامانی شانێکی تیرۆریستی لە پارێزگای نێنەوا دەستگیربکەن.

وەک بەیاننامەکە ئاماژە پێداوە :-لە ئەپەراسیۆنەکی ئەمنیدا، دوای بەدواداچوونی ئەمنیە،توانیان شانێکی تیرۆریستی کە لە 4 ئەندام پێکهاتبووو لە ناوچەکانی (سەلامیە، بەعوزە، تلرمان ، کەرامە ) لە سنوری پارێزگای نێنەوا دەستگیریان بکەن.